# کورتەیەک دەربارەی ژیان و بەرهەمەکانی حەسەنی قزڵجی

نووسینی : جوتیار حاجی تۆفیق

مامۆستا هێمن لە پێشەکیی کۆمەڵە چیرۆکی«پێکەنینی گەدا»دا نووسیویەتی: لە سەردەمی کۆماری دیموکراتی کوردستاندا«ڕۆژێکی سارد و سەهۆڵبەندانی مەهاباد بوو، زریانێکی ساردی دەهات و کەڕەسیسەی دەکرد. خۆم کوزوو کرد بوو و بە پەلە دەڕۆیشتم جێگایەکی گەرم و گوڕ ببینمەوە. تەماشام کرد پێشەوا «قازی محەمەد» لە بەربێلاکەی هاتووچۆ دەکا و ڕۆژنانەی «کوردستان»ی بەدەستەوەیە و یەکێک لە نووسەرانی ڕۆژنامەکەی لەلایە. خەریک بووم فیزماڵکی دەمێ و خۆم ببوێرم. دیتمی و بانگی کردم. هێشتا دوور بووم، فەرمووی:

ـ دیوتە ئەو قزڵجی یە چۆنی نووسیوە ؟

زانیم مەبەستی ئەو پارچە ئەدەبی یە جوانەی قزڵجی یە کە لەو ژمارە دا چاپ کراوە. گوتم:

ـ بەڵێ دیومە و بەڕاستی چاکی نووسیوە. کاکی نووسەر هەڵی دایە و گوتی:

ـ بەڵێ ، چاک دەنووسێ ، بەڵام کەم دەنووسێ. پێشەوا بزێکی هاتێ. سەری ڕاوەشاند و (پارچە شیعرێکی »سەعدی «گوت)، دیسان ڕووی لە من کرد و فەرمووی:

ـ بریا زۆری وامان هەبان ...ئەگەر بۆخۆمان بین وامان لێ هەڵدەکەون». (1(

بەڵێ ، حەسەنی قزڵجی بێئەوەی سینگ دەرپەڕێنێ و خۆ هەڵکێشێ، یەکێک لە خۆشەویست ترین نووسەران و دۆستانی پێشەوا قازی محەمەدی ئەدەبدۆست و هونەرپەروەر بوو. پێشەوا لە ئاخرین ڕۆژانی دەسەڵاتی دا بەنیاز بووە مامۆستا قزڵجی و چەند شاعیر و نووسەری لاو و تازەپێگەیشتوو بنێرێتە دەرەوە، تا بە قەولی خۆی چاو و گوێیان بکرێتەوە و شتی تازە فێر ببن، بەڵام بەداخەوە نەگەیشت و ئەم ئاواتەشی وەک زۆر لە ئاواتەکانی دیکەی نەهاتە دی.

حەسەنی قزڵجی نەوەیەکی هەڵکەوتووی بنەماڵەی قزڵجی بوو. ئەو بنەماڵەیەش ناو و ناوبانگیان بە زیرەکی و لێهاتوویی بڵاو بوەتەوە. هەر وەک مامۆستا هێمن نووسیەتی ، لە موکریان دەڵێن: «بنەماڵەی قزڵجی وەک بێچوە مراوی وان، هەر لە هێلکە هاتنەدەر، مەلەوانن». مەبەستیان ئەوەیە ئەوی لەو بنەماڵەیە بێت، هەر لە منداڵییەوە زیرەک و وریا و لێهاتووە(2) .

حەسەنی قزڵجی کوڕی مەلاعەلی کوڕی مەلا حەسەن کوڕی مەلاعەلی کوڕی مەلا محەمەدی قزڵجییە. ڕۆژی سێ شەممە ڕێکەوتی 15ی ئەیلولی 1914 لە شاری بۆکان هاتۆتە دنیاوە. (3(

لە تەمەنی شەش ساڵییەوە خراوەتە بەر خوێندن. سەرەتا لای باوکی دەستی بە خوێندن کردووە. پاشان نێردراوەتە لای مامۆستا مەلا ئەحمەدی فەوزی(4) و دواتریش لای مامی «مەلا ئەحمەدی تورجانی « (5)خوێنوویەتی. پاشان بە مەبەستی درێژەدان بە خوێندن چەند شار و شارۆچکە و دێهاتی کوردستان گەڕاوە و لە چەند جێی دیکە خوێندوویەتی.پاش چەند ساڵ خوێندن چوەتە شاری مەهاباد و بوەتە فەرمانبەر لە فەرمانداری مەهاباد. لە ساڵەکانی دوای حوکمی ڕەزاشای پەهلەویدا بوەتە جێگری فەرمانداری مەهاباد. (6(

لە سالانی 1927-1935دا لە مەڵبەندی موکریان بزووتنەوەیەکی ڕۆشنبیری و سیاسی بە ڕابەرایی: «سەیفی قازی، شێخ ئەحمەدی سریلاوا، مەلا محەمەد سادقی قزڵجی(قازی کاکە حەمەی بۆکان)، قازی محەمەد...» و چەند ڕووناکبیر و تێکۆشەری دیکەی ئەو مەڵبەندە سەری هەڵداوە. (7(

ئامانجی سەرەکی ئەو بزووتنەوەیە ئەوە بووە کە دژایەی سیاسەتە شۆڤینییەکانی حکوومەتی ڕەزاشا بکەن و لە پێناو بووژاندنەوەی زمان و ئەدەب و ڕۆشنبیریی کوردیدا تێبکۆشن. ئەو کتێب و گۆڤار و ڕۆژنامە کوردییانەی کە لە بەشەکانی دیکەی کوردستاندا بڵاو کراونەتەوە، لە ڕێگای هەندێک قاچاخچیی تێکۆشەر و دڵسۆزەوە بە دەستییان گەیشتووە و لە نێو لاوە ئازادیخواز و باوەڕپێکراوەکاندا بڵاویان کردوونەتەوە ؛ ئەویش بە مەبەستی ئەوەی فێری خوێندنەوە و نووسینی کوردیی و شارەزای زمان و ئەدەب و مێژووی نەتەوەکەیان ببن.

عەبدولڕەحمانی زەبیحی، محەمەدی نانەوازادە، هێمن وحەسەنی قزڵجی و چەندین لاوی دیکەی وەک ئەوان جێی بڕوا و متمانەی ڕابەرەکانی ئەو بزووتنەوەیە بوون، بۆیە هەرچی کتێب و گۆڤار و

ڕۆژنامەیەکی کوردییان دەست کەوتووە داویانە بەوانیش و هانیان داون کە دەربارەی زمان و ئەدەب و مێژووی کورد وتوێژ بکەن.

بەو جۆرە حەسەنی قزڵجی هەر زوو چاو و گوێی کراوەتەوە و شارەزای زمان و ئەدەب و مێژووی نەتەوەکەی بووە و هەر لەو دەمانەوە وردە وردە دەستی بە شیعر و پەخشان نووسین کردووە و بە دەستنووسی پیشانی هاوڕێ و هاوبیرەکانی خۆی داوە.

لە ساڵەکانی 1936-1941 دا چەند دەستە و کۆمەڵەیەکی سیاسی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە گشتی و ناوچەی موکریان بەتایبەتی کەوتۆتە چالاکی و بە نهێنی شەوانە بە ناوی یاری کردن و کات بەسەر بردنەوە کۆبوونەوە و سەبارەت بە هەلومەرجی کوردستان گفتوگۆ و وتووێژیان کردووە و هەواڵ و دەنگوباسی بەشەکانی دیکەی کوردستانیان بە یەکتر ڕاگەیاندووە. حەسەنی قزڵجی هەمیشە لەگەڵ ئەوانەدا بووە و کەسێکی خۆشەویست و جێ باوەڕیان بووە. (8)

لە 16ی ئۆگوستی 1943دا کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان «کۆمەڵەی ژ . ک»بە هاوکاری و ڕێنوێنی «حیزبی هیوا»لە شاری مەهاباد لە لایەن دەستەیەک لاوی وریا و تێکۆشەرەوە دامەزراوە. (9) زۆری نەخایاندووە کۆمەڵە پەلی بۆ شار و شارۆچکەکانی دیکەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کێشاوە و چالاکییەکانی بەرفراوان بووە. حەسەنی قزڵجی ئەندامێکی کارا و لێهاتووی کۆمەڵە بووە و ناوی نهێنیی «ژیر» بووە. حەسەنی قزڵجی و عەبدولقادری دەباغی و چەند کەسی ئازادیخواز و ڕووناکبیری دیکەی شاری بۆکان، لقی کۆمەڵەیان لە بۆکان دامەزراندوە و زۆر چالاکانە تێکۆشاون. (10)

کاتێکیش لە 16ی ئۆگوستوسی 1945 دا لەسەر بنەماکانی کۆمەڵەی ژ . ک ، حیزبی دیموکراتی کوردستان دامەزراوە، حەسەنی قزڵجیش وەک زۆربەی ئەندامانی کۆمەڵە لە نێو ئەو حیزبەدا چالاکی خۆی درێژە پێداوە.

لە سەردەمی کۆماری کوردستان(1946)دا، لە گۆڤار و ڕۆژنامەکانی کۆماردا گەلێک وتار و پەخشان و کورتەچیرۆکی جوان و سەنگینی بڵاو کردۆتەوە .ماوەیەکیش لە دەرکردنی ڕۆژنامەی «کوردستان»دا هاوکاریی سەید محەمەدی حەمیدیی کردووە. (11) هەر لەو سەردەمەدا لە شاری بۆکان بە هاوکاریی چەند شاعیر و نووسەرێک گۆڤاری «هەڵاڵە»ی دەرکردووە. (12) هەژاری شاعیر لە هاوکارەکانی قزڵجی بووە و لەو بارەیەوە نووسیویەتی :« کە هەوەڵ ژمارەمان بۆ پێشەوا برد، تۆنێک کاغەزی خەڵات کردین... هەڵاڵە چوار ژمارەی دەرچوو». (13)

کاتێک کۆماری کوردستان لەناو برا و سوپای حەنەڕەزاشا کەوتە داگیرکردنەوەی ناوچە ئازادکراوەکانی کوردستان، هەر لە یەکەم هەنگاوەوە دەستیان بە گرتن و زیندانی کردنی کەسانی تێکۆشەر و ئازادیخوازی کوردستان کرد و پاشتریش چەندین سەرکردە و ڕابەری کۆماریان لە نێو شارەکانی کوردستان و بە بەرچاوی خەڵکی ئازادیخوازی کوردستانەوە لە سێدارە دا. چەند دەستەیەک لە تێکۆشەران و ڕووناکبیران خۆیان نەدا بە دەست سوپای داگیرکەر و بەرەو دێهاتەکانی سەر سنوور هەڵهاتن و خۆیان حەشار دا، هەندێکیشیان بەرەو شار و شەرۆچکەکانی باشووری کوردستان ڕۆیشتن و پەنایان بۆ تێکۆشەرانی ئەوێ برد.

لەو دەمانەدا حەسەنی قزڵجی خۆ دەگەیەنێتە شارۆچکەی«بیارە» ، لە ناوچەی هەورامان و ماوەیەک لە خانەقای شێخ عەلادینی نەقشبەندی دەمێنێتەوە. پاشان کە دەبیسێت عەبدولڕەحمانی زەبیحی و محەمەدی شاپەسندی و غەنی بلوریان و هەژار و قازی کاکە حەمەی بۆکان و چەند کەسی دیکەی وەک ئەوان ، پەنایان بۆ شێخ لەتیفی کوڕی شێخ مەحمود بردوە و لە گوندی«سیتەک» جێوڕێی بۆ کردونەتەوە، ئەویش خۆ دەگەیەنێتە لای ئەوان. (14)

هەژار لەو بارەیەوە نوسیویەتی: « ڕۆژێک دیتم کابرایەکی ملپانی، پاڵتۆیەکی بەرگنە وشتری هەشتەرۆیانە لەبەر دا و کەوشێکی پانیە درێژی قەتارچییانە دەپێدا هاتە ژوور. پاش تاوێک ناسیمەوە حەسەن قزڵجی یە و ماوەیەک لە بیارە سۆفی بوە و ئێستا هاتوە پێی شاد و شوکور بووین ». (15)

لەو ڕۆژگارەدا حکوومەتی ئێران گەلێک لە تێکۆشەران و ڕووناکبیرانی کوردی بە بیانووی بەشداریکردن لە کۆماری کوردستان دا خستبوە زیندانەکانەوە و ئازار و ئەشکەنجەی دەدان . چەند ڕابەر و سەرکردەشی لە نێو جەرگەی شاری مەهاباد و بۆکان و سەقز لە سێدارە دا و نیازی بوو گەلێکی دیکەش لە سێدارە بدات.

هەواڵی لە سێدارەدانی ئەو تێکۆشەرانە لە سەرتاسەری کوردستاندا بڵاو ببۆوە .کوردی هەموو پارچەکانی کوردستان بەو هەواڵانە دڵتەنگ و نیگەران ببوون .ئەو دەستە ڕووناکبیرەش کە لە سیتەک گیرسابوونەوە بەو هەواڵانە زۆر خەمبار بوون. لەگەڵ ڕابەرانی «پارتی دیموکراتی کورد ـ عێراق»و ئەندامە کوردەکانی «حیزبی شیوعی عێراق» دا کەوتنە وتوویژ و بیروڕا گۆڕینەوە، هەتاکو لە بەرامبەر ئەو وەحشیگەرییەی کە حکوومەتی ئێران دەرهەق بە گەلی کورد دەستی دابوویە، بێدەنگ نەوەستن. پاشان بڕیار دەدەن کە سەر لەنوێ دەست بە خەبات بکەنەوە و لە دژی ڕژێمی حەمەڕەزاشا چالاکی سیاسی دەست پێ بکەنەوە.
ئەم دەستە ڕووناکبیرە لە هەندێک ڕووەوە تەبا و لە هەندێک لایەنیشەوە ناکۆک دەبن، بۆیە دەبنە دوو گروپ و هەر یەکەیان بە جۆرێک چالاکی خۆی دەست پێ دەکات. (16 (حەسەنی قزڵجی و غەنی بلوریان و چەند کەسێکی دیکە سەرەتا لەسەر ئەوە ساغ دەبنەوە کە بڵاوکراوەیەک بەناوی «ڕێگا»وە دەربکەن. پاش هەوڵ و کۆششێکی زۆر یەک ژمارە لەو بڵاوکراوەیە دەردەکەن. (17) غەنی بلوریان بەشێک لە دانەکانی بڵاو کراوەکە لەگەڵ خۆی دەبات و بە مەبەستی گەیاندنی بە ڕووناکبیران و تێکۆشەرانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەرەو مەهاباد دەکەوێتە ڕێ. غەنی بلوریان خۆی لەو بارەیەوە نوسیویەتی:«دوای چاپ کردنی گۆڤاری ڕێگا لە کۆتایی مانگی خەزەڵوەری 1327-1948 دا... بە یارمەتی«هەمزە عەبدوڵڵا» سکرتێری ئەوکاتی پارتی گەڕامەوە بۆ مەهاباد لە گەڕانەوەم دا محەمەد مەحمود کە ئەویش ئەندامی پارتی و وەک بزانم مامۆستای قوتابخانەیەکی سلێمانی بوو، بۆ ئەوەی لە ڕێگادا سەرمام نەبێ پاڵتۆیەکی دامێ و هەمزە عەبدوڵڵاش دەمانچەیەکی بچووکی شەش تیری دامێ و لەگەڵ«قادر تەگەرانی» و «حەمەپۆلیس»یان خستم، کە بگەڕێمەوە ناوچەی موکریان... بە«ئالان» و لای «بانە»دا هاتینە«گردی گلان «لە گردی گلان چوومە لای «سەید کامیل» و میوانی ئەو بووم... لەگەڵ سەید کامیل دوام و داوام لێکرد ئەو بەستە گۆڤار و بانگەوازە لە لای خۆی ڕاگرێ، تا من لە مەهابادەوە کاکە »مینە»ی خزمەتکاریماڵمان بنێرم و ئەوان بێنێتەوە بۆ مەهاباد... شەو بە »کانی مام قەمبەران»دا... چوومەوە مەهاباد... کاکە مینەم وەشوێن گۆڤار و بانگەوازەکان خست. ئەو وو ڕۆژی پێچوو، و ئەوانی هێناوە « ، پاشان باسی ئەوەی کردوە کە کاتێک دەستیان بە بڵاوکردنەوەی دانەکانی بڵاوکراوەی ڕێگا کردوە، کاربەدەستانی حکومەتی حەمەڕەزاشا بە کارەکەیانی زانیوە و گەلێک کەسیان دەستگیر کردووە، کە یەکێکیان غەنی بلوریان بوە. (18(
هەر لەو دەمانەدا عەبدولڕەحمانی زەبیحی و محەمەدی شاپەسەندی و چەند کەسی دیکە گۆڤارێک بەناوی«نیشتمان»ەوە دەردەکەن و ژمارە »10»ی لەسەر دەنووسن ؛ ئەویش بەنیازی ئەوە کە کۆمەڵەی ژ.ک «کۆمەڵەێ ژیانەوەی کوردستان» زیندوو بکەنەوە و دەست بە دەرکردنەوە گۆڤاری نیشتمان بکەنەوە.(19 (پاشان بەشێکی زۆری دانەکانی ئەو گۆڤارە دەگەیەننە شاری مەهاباد و لە نێو بەشێک لە لاوانی ئازادیخواز و خەباتگێر دا بڵاو دەکرێنەوە .بڵاوبوونەوەی گۆڤاری نیشتمان و بڵاوکراوەی ڕێگا لەو هەلومەرجەدا دەنگ دەداتەوە . لەلایەک دەبێتە هۆی ئەوەکە خەڵکی ئازادیخوازی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئومێدی پەرەسەندنەوەی خەباتەکەیان لا دروست ببێتەوە، لەلایەکی دیکەشەوە حکوومەتی ئێران بەوە بە ئاگا دێتەوە و هەست بە مەترسی مەسەلەکە دەکات و دەکەوێتە گرتن و زیندانی کردنی کۆمەڵێک لاوی ئازا و تێکۆشەر .لەو شالاوی گرتنەدا غەنی بلوریان و چەند هاوڕێ و هاوبیری دەگیرێن و دوچاری لێپرسینەوە و ئازار و ئەشکەنجە دەبن. (20(
کاتێک هەواڵی گیرانی غەنی بلوریان و هاوڕێکانی دەگاتە حەسەنی قزڵجی و ئەوانی دیکە، هەموو نائومێد دەبن و چیدیکە ناتوانن لەسەر کارەکانیان بەردەوام بن. هاوکات حکوومەتی عێراق بە شێخ لەتیفی حەفید ڕادەگەیەنێت کە بۆی نییە دالْدەی کوردە هەڵهاتووەکانی «ئێران» بدات و لایّ خۆی گلیان بداتەوە.
شێخ لەتیف بە پارە و لە ڕێگای چەند دۆست و ئاشنایەکی خۆیەوە ناسنامەی عێراقی بۆ حەسەن قزڵجی و هەژار و ئەوانی تریش ساز دەکات هەتاکو لە گرتن و ڕاونانی پۆلیسی عێراقی ڕزگاریان ببێت.
هەژار نوسیویەتی: «قزڵجی و من لەبیرم نەماوە کێی تریش )پێم وایە هەمزەی سڵەمان ئاغا بوو) ناوی خۆمان گۆڕی. قزڵجی ناوی »سەیدڕەحیم «و من «عەزیز قادر»م هەڵبژارد و شێخ لە »چوارتا» پێناسی عێراقی بۆ وەرگرتین و بووینە عێراقی و ترس و لەرزمان لە گرتن بەسەر چوو». دواتریش نوسیویەتی

»:قزڵجی و من هەردوکمان لەو ژیانە پەنابەرییە وەڕەز ببوین ... (شێخ لەتیف) نامەیەکی بۆ عەلی کەمال بەگ نووسی کە ملیونێرێک بوو، نووسی کارم بداتێ. قزڵجیش بەو هەوایە کە مام و ئامۆزای لە بەغدان ، ملی دا و چووینە بەغدا». (21(
لە بەغدا ماوەیەک هەژار و قزڵجی پێکەوە دەبن و بۆ کار دەگەڕێن. پاش گەڕان و ئەملا و ئەولا، کارێکی ئەوتۆیان دەستگیر نابێت، ئیدی لێک جیا دەبنەوە و هەر یەکە بۆخۆی بە شوێن کار دا وێڵ دەبێت.
حەسەنی قزڵجی لەو ماوەیەدا چەندین کاری وەک : کرێکاری، حەماڵی ، شاگردی، فرۆشیاری... دەکات و هەرچی و چۆنێک بێت خۆی دەژیەنێت و خۆشی لە پۆلیس و جاسووسەکانی حکومەت دەشارێتەوە. پاشان لە ژیانی بەغدا بێزار دەبێت و بەرەو سلێمانی دەڕوات. ماوەیەک لەوێ دەمێنێتەوە و بە کاری وێنەگرییەوە خەریک دەبێت. ئینجا لەوێش بێزار دەبێت و بەرەو بەغدا دەڕواتەوە. ئەم جارە لەگەڵ عەبدولڕەحمانی زەبیحی و هەژار یەک دەگرنەوە و هەر یەکە کارێک بۆ خۆی دەدۆزێتەوە و هەرسێکیان لە خانوویەکدا پێکەوە دەژین. لەو بارەیەوە هەژار نوسیویەتی :«بەهۆی مستەفا کویر ناوێکی بە چاوێک کە خۆی بەخزمی زەبیحی دەزانی، زەبیحی و قزڵجی لە کافە رستورانێکی هەرە بەناوبانگی بەغدایە کە خاوەنەکەی عەبدوڵلا شەریفی کۆنە سابڵاغی و ملیۆنێر بوو، بە نووسەر دامەزان(22) .«
ماوەیەک بەوکارەەوە خەریک دەبن. لەپڕ ڕۆژێک لەکاتی کارکردندا پۆلیسی عێراقی دەدات بەسەریاندا و هەردوکیان دەستگیر دەکات و بەرەو زیندانیان دەبەن. نزیکەی ساڵێک لە زیندان دا دەیانهێڵنەوە. بە درێژایی ئەو ماوەیە خاوەن رێستورانەکە ئاگای لێیان دەبێت و یارمەتییان دەدات .لەبەر ئەوەی لەو ڕۆژگارانەدا زیندانەکانی عێراق پڕ دەبن لە کەسانی تێکۆشەر و ڕوناکبیری کورد ؛ لە نزیکەوە گەلێک لەوانە دەناسن و دۆستایەتییەکی باش لە نیوانیاندا دروست دەبێت.
لە مانگی نیسانی 1954دا حکومەتی عێراق لە ڕێگای خانەقین ـ قەسری شیرنەوە هەردوکیان دەداتە دەست حکومەتی ئێران . دوایی لە قەسری شیرینەوە بەرەو کرماشانیان دەبەن. لەوێ کاتێک پۆلیس لێیان دەکۆڵێتەوە، دەڵێن ئێمە عێراقین و ئەوەش پێناسەکانمان. کە سەرنجی پێناسەکانیان دەدەن، باوەڕیان پێدەکەن و پاش ئەمسەر و ئەوسەر بەو مەرجە کە خۆیان بەرەو عێراق بڕۆنەوە، ئازادیان دەکەن. ئیدی هەردوکیان بەرەو تاران دەچن و دەچنە ماڵی عەبدوڵلا ئاغای ئێلخانیزادە(پورزای حەسەنی قزڵجی).
پەش چەند ڕۆژێک زەبیحی بەرەو سنە و قزڵجیش بەرەو کرماشان دەڕوات. زەبیحی زوو خۆ دەگەیەنێتەوە عێراق. قزڵجیش لە کرماشان دەچێتە ماڵی سەعیدی حافیدیی ئامۆزای. (22(
سەعیدی حافیدی یارمەتی دەدات و دەیداتە دەست شێخ موعتەسەمی حسامی کە پیاوێکی دەسترۆیشتوو و ناسراو بووە. (24) شێخ موعتەسەم لەگەڵ خۆی بەرەو سنەی دەبات و دەیگەیەنێتە ناوچەی جوانڕۆ. دوو سێ هەفتە لەو دێهاتانەی هەورامان خۆ حەشار دەدات. دوایی بڕیار دەدات بەرەو باشووری کوردستان بڕواتەوە. (25 (
لە مانگی حوزەیرانی 1954دا لە هەڵەبجە سەر هەڵدەداتەوە. ماوەیەک لە تەکیەی شێخ ئەحمەد دەمێنێتەوە. ئینجا بەرەو ناوچەی بازیان (نێوانی سلێمانی و کەرکووک (دەڕوات . لەوێ نزیکی سێ ساڵ بە توتنەوانی و کشتوکاڵەوە خەریک دەبێت(26) .
پاش ڕاپەڕینی تەمووزی 1958، هەلومەرجێکی تا ڕادەیەک ئارام بەرقەرار دەبێت و کوردە ئاوارەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە چەند ساڵ بوو نەیاندەوێرا بەئاشکرا بێن و بچن ، ئەودەم توانیان بە ئازادی بژین . هەژار نوسیویەتی:« دەگەڵ زەبیحی کەوتینە نیگەرانی: خوایە قزڵجی لە ماوەی ئەم سێ ساڵەدا چی بەسەر هات؟ دەیانگوت بۆتە فالچی لە کرماشان ، توور و گێزەر دەفرۆشێ، سۆراغمان هەر نەکرد. دوای دوو مانگ هاتینەوە بەغدا، قزلجی پەیدا بوو. کە دەگەڵ زەبیحی لێک هەڵبڕابوون ، ببوە میوانی حافیدی ئامۆزای و خۆی گەیاندبوە هەڵەبجە. ئەو هەموو مابەینە بۆتە سۆفیەکی ڕیش درێژ لە تەکیەی شێخێک و نوشتەی لەباتی شێخ نووسیوە و نان و دۆی تەکیەی خواردوە تا کودەتای قاسم چەند مانگی بەسەردا تێپەڕیوە، تازە وێراویە دەرکەوێ. دیسان سێ تفەنگدار گەیشتنەوە یەک !». (27(
ماوەیەک هەژار و حەسەنی قزڵجی لە پاڵ کارەکەیدا لە گۆڤار و ڕۆژنامە کوردییەکانی ئەو دەمە دا وتار و کورتەچیرۆک بڵاو دەکاتەوە. لەگەڵ زەبیحیشدا چەند کتێبێک دەکەنە کوردی و نیازیان دەبێت درێژە

بەکاری وەرگێڕان بدەن، بەڵام زۆر ناخایەنێت هەلومەرجەکە دەگۆڕێت و ناتوانن ئەوەی وەریانگێڕاوەتەوە چاپی کەن و بڵاوی کەنەوە. (28(
ساڵی 1961 حکوومەتی عەبدولکەریم قاسم دەکەوێتە بەر تەسک کردنەوەی مافە سیاسی و ڕۆشنبیرییەکانی کورد و ئەو دیمۆکراتییەی کە لە عێراقدا بەرقەرار ببوو لەباری دەبات و بەرەو دیکتاتۆرییەت هەنگاو دەنێت. ئیدی سەرلەنوێ ژیانی کوردە پەنابەرەکانیش دژوار دەبێتەوە.
حکوومەتی عەبدولکەریم قاسم بەو پەنابەرانە ڕادەگەیەنێت کە یان دەبێت لە عێراق بچنە دەرەوە، یان دەستگیریان دەکات و دەیانداتەوە بە حکوومەتی ئێران .ئیتر هەر یەکەیان بۆ خۆی ڕێگایەک دەدۆزێتەوە.
حەسەنی قزڵجی بۆ ئەوەی جارێکی دیکەش نەگیرێت و نەدرێتەوە بە حکوومەتی ئێران، بڕیار دەدات بەرەو ئەڵمانیای دێمۆکراتی بڕوات. حیزبی شیوعی عێراق و حیزبی تودەی ئێران هاوکاریی دەکەن و پاسپۆرتی بۆ ساز دەکەن و دوکتور ڕەزای ڕادمەنیش لەگەڵ خۆی بەرەو ئاڵمانیای دیموکراتیی دەبات.
پاش چەند مانگێک بەرەو بولگاریای دەنێرن هەتاکو لە«ڕادیۆی پەیکی ئێران»دا کار بکات. (29 (چەند ساڵێک بەو ڕادیۆیەوە خەریک دەبێت. ڕۆژانە هەواڵەکانی جیهان و ئێران و هەندێک جار هەواڵی کوردستانیش بە کوردی و عەرەبی ئامادە دەکات و خۆیشی وەک گۆیندە دەیانخوێنێتەوە، پاشتریش کەریمی حیسامی و چەند کەسێکی دیکە دەبنە هاوکاری.. لە کۆتایی ساڵی 1964دا حەسەنی قزڵجی و دوکتور عەبدولرەحمانی قاسملو و کەریمی حیسامی ، پاش پرسوڕا بە حیزبی تودەی ئێران ، بڕیار دەدەن کە ڕۆژنامەیەک بە ناوی «کوردستان»ەوە دەربکەن. پاش مشتومڕێکی زۆر لە مانگی یەنیوەری 1965دا یەکەم ژمارەی ئەو ڕۆژنامەیە دەردەکەن. ئیدی بەردەوام دەبن لە دەرکردنی ئەو ڕۆژنامەیە هەتاکو مارتی 1970 و بەسەریەکەوە »26»ژمارەی لێدەردەکەن. حەسەنی قزڵجی بە نازناوی «موکری»یەوە گەلێک وتار و کورتە چیرۆک و پەخشانی ئەدەبیی تیادا بڵاو دەکاتەوە .
هەر لەو ساڵانەشدا دەبێتە ئەندامی حیزبی تودەی ئێران ؛ هاوکات دۆستایەتی خۆیشی دەگەڵ حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دا دەپارێزێت و هەندێک جار لە کۆبوونەوە تایبەتی و نهێنییەکانیشیاندا بەشدار دەبێت. (30(
هەر لەو دەمانەدا بەردەوام وتار و کورتەچیرۆ و بابەتی وەرگێراو بۆ گۆڤار و ڕۆژنامە کوردییەکانی عێراق دەنێرێت و پەیوەندییەکی پتەوی لەگەڵ چەند نووسەر و شاعیر و ڕوناکبیری باشووری کوردستاندا دەبێت. (31(
ساڵی 1979 ڕاپەڕینی جەماوەری ئێران پەرە دەستێنێت و حکوومەتی حەمەڕەزاشا دەڕووخێنرێت و لەناو دەبرێت. ئیدی خەڵکی ئێران وا چاوەڕوان دەکەن کە لە جێی حکوومەتی دیکتاتۆڕیی شا دا حکوومەتێکی دیموکراتیک و پێشکەوتوو دێتە سەر کار و خەڵکی ئێران بە ئاشتی و ئازادی و دوور لە ستەم و زۆرداریی دەژین. هەر بەو ئومێدەوە هەزاران ڕۆشنبیر و نووسەر و تێکۆشەری فارس و ئازەری و بەلووچ و کورد، کە ساڵەها بوو لە دەربەدەریدا دەژیان دەستە دەستە بەرەو ئێران چوونەوە.
حەسەنی قزڵجیش بەو ئاواتەوە بەرەو ئێران ڕۆیشتەوە. ماوەیەک لە شاری بۆکان لە نێو خزم و دۆستانیدا ژیا، دوایی چوە تاران و لە سەرکردایەتیی حیزبی تودە دا جێ و ڕێی بۆ دیاری کرا.
ئەودەم حیزبی تودەی ئێران وەک زۆربەی حیزب و لایەنە سیاسییەکانی دیکەی ئێران بە ئاشکرا دەستی بە چالاکی کردبوو .تا ڕادەیەک خەڵکی لە دەور کۆ ببۆوەوە و چەندین گۆڤار و ڕۆژنامەی سیاسی و ڕۆشنبیریی دەردەکرد و لە زۆربەی شارەکانی ئێراندا بنکە و بارەگای هەبوو.
لە حەڤدەهەمین پلێنۆمی حیزبی تودەی ئێراندا حەسەنی قزڵجی بە ئەندامی لیژنەی ناوەندیی هەڵدەبژێردرێت و لە بەشی پەیوەندییە نێو نەتەوەییەکاندا دادەندرێت. (32) هاوکات لەگەڵ کۆمەڵێک لە ئەندامە کۆنەکانی نێو حیزبەکەدا بیر لە دەرکردنی ڕۆژنامەیەک بە زمانی کوردی دەکەنەوە. لەبەر پرینسیبی حیزبی بە سەرکردایەتی حیزبی تودە ڕادەگەیەنن کە نیازیان هەیە ڕۆژنامەیەک بە زمانی کوردی دەربکەن، بەڵام حیزبی تودە بە بیانووی جۆراوجۆر داواکەیان ڕەد دەکاتەوە .دواتر بڕیار دەدەن کە لە ژێر چاوەدێریی سەرکردایەتی حیزبەکەدا ڕۆژنامەی »مەردم» بە کوردی دەربکەن. (33 (
حەسەنی قزڵجی و حەسەنی ماوەرانی و چەند نووسەرێکی دیکە هاوکاریی یەکتر دەکەن و نزیکەی دوو ساڵ لە دەرکردنی بەردەوام دەبن. تا ئەو دەمی کە حکوومەتی جمهوری ئیسلامی ئێران شالاوێکی کتوپڕ بۆ سەر حیزبی تودە دەست پێدەکات و زۆربەی ئەندامە چالاک و دیارەکانی حیزبەکە دەستگیر دەکات.

ڕۆژی شەممە 5ی فێبروواری1983حەسەنی قزڵجیش دەگیرێت و دەخرێتە زیندانەوە. ئەودەم گەیشتبوە حەفتاساڵ، بەڵام بەو پیرییەش لێیناگەڕێن و نزیکەی دە مانگ لە ژێر ئەشکەنجەی فسیۆلۆژی و دەروونیدا دەهێڵرێتەوە و زۆر دڵڕەقانی لەگەڵی ڕەفتار دەکەن. تا لە ڕۆژی ؟؟؟؟دا کۆچی دوایی دەکات. (34) چەند کەسێک بە چاوەدێری و ئاگاداریی حکوومەت تەرمەکەی لە تاران، لە گۆڕستانی بەهەشتی زەهرا دەنێژن...!

حەسەنی قزڵجی نووسەر:
حەسەنی قزڵجی چیرۆکنووس، ڕۆژنامەنووس، وەرگێڕ و شارەزای زمانی کوردی بوو. لە سەردەمی کۆماری کوردستانەوە هەتاکو ئەودەمی کە لەلایەن جمهوری ئیسلامی ئێرانەوە دەستگیر کرا، دەیان وتار و کورتەچیرۆک و بابەتی ئەدەبی و زمانەوەانی و مێژوویی لە گۆڤار و ڕۆژنامە کوردییەکاندا بڵاو کردوەتەوە.
حەسەنی قزڵجی جگە لە زمانی دایکیی خۆی ، زمانی فارسی و عەرەبی و بولگاری و تا ڕادەیەک تورکیشی زانیوە. هەروەها زۆربەی دیالێکتە کوردییەکانی زانیوە و قسەی پێکردوون.
ئەگەرچی لە زۆر بواری جیاجیادا توانا و لێوەشاوەیی خۆی نیشان دابوو، بەڵام زیاتر وەک چیرۆکنووس ناوبانگی بڵاو ببۆوەوە. لە ڕاستیدا چیرۆکنووسێکی بەتوانا بوو. ئەو لەبارەی ئەزموونی چیرۆکنووسی خۆیەوە نووسیویەتی:«لە تەمەنی بیستساڵیدا بووم، لەگەڵ ئامۆزایەکم (کە بەداخەوە لەم ساڵانەدا لە کرماشان لە دنیا دەرچوو (لەلای مامێکمان مەلا ئەحمەدی تورجانی زادە لە مەهاباد دەمان خوێند .
تورجانی زادە، بۆ پێ خوێندنی ئێمە میتۆد و شێوەیەکی تایبەتی بەکار دەهێنا. ڕێزمانی عەرەبی«نحو - صرف»ی فێر دەکردین، دوای فێرکردنی »قاعدە «یەکێک لە چیرۆکەکانی مەنفەلووتی پیشان دەداین. دەبوو لەو چیرۆکەدا دیاریی بکەین کە ئەو قاعیدانە چۆن بەکار هێنراون. لەپاشان دەبوو تەواوی چیرۆکەکە بگێڕینەوە و ڕوونی بکەینەوە مەبەستی نووسەر ، لە نووسینی ئەم چیرۆکە چ بووە. ئەگەر بمان زانیایە ئافەرینی دەکردین، ئەگەر نەمان زانیایە خۆی ئەو مەبەستەی بە درێژیی بۆ ڕوون دەکردینەوە و تێی دەگەیاندین. تورجانی زادە بایەخێکی زۆری بە چیرۆک دەدا، خۆشی لە کتێب و گۆڤاراندا چیرۆکی بخوێندایەوە، گەلی جار بۆمانی دەگێڕایەوە و بە درێژی لێی دەکۆڵیەوە. ئەمە بووە هۆی ئەوە کە هەر لەو وەختەوە حەز بە چیرۆک بکەم. ماوەی چەند ساڵێکیش لە تاوی پۆلیسی ئەوسا لە بازیان خەریکی تووتن کردن بووم و لە ناو وەرزێرەکاندا دەژیام. دەمدی کە وەرزێرەکان گەلێ نەقڵ و حیکایەتیان دەزانی و زۆر بەتام و لەزەت بۆ یەکریان دەگێڕایەوە. لەمەش بۆم دەکەوت کە چیرۆک لە ناو کۆمەڵانی ڕەنجدەر و زەحمەتکێشی کورد دا تەئسیرێکی زۆری هەیە» (35(
لێرەدا دەتوانین ئاماژە بۆ بەشێک لە نووسینەکانی بکەین:
1- ئاشتیخوازی لادێیی و پەیمانی دوولایی، دوو شیعری درێژن یەکیان حەسەنی قزڵجی و ئەوی دیکە عەبدولرەحمانی زەبیحی نووسویەتی، لە بەغدا ساڵی 1959، لە چاپخانەی«النجاح» چاپ کراوە، محەمەد تۆفیق وردی پێشەکیی بۆ نووسیوە.
2- پێکەنینی گەدا، کۆمەڵە چیرۆکێکە، کاتی خۆی حەسەنی قزڵجێ لە گۆڤار و ڕۆژنامە کوردییەکانی عێراقدا بلاوی کردبوونەوە، ساڵی 1972 لە بەغدا چاپکراوە، هێمنی شاعیر پێشەکیی بۆ نوسیوە. ساڵی 1985 مامۆستا محەمەدی مەلاکەریم سەرلەنوێ چاپی کردوەتەوە و پێشەکییەکی کورتیشی بۆ نووسیوە.

وتار و لێکۆڵینەوەکانی:
1- پێشمەرگە، دوکتۆر ڕەحیمی قازی، بەغدا، 1961.
2- مەم و زینی خانی، هەژار کردویە بە موکریانی، بەغدا، 1960.
3- کاروانێک لە شەهیدانی کوردستانی ئێران، کەریمی حیسامی، لە بلاوکراوەکانی بنکەی پێشەوا، بەغدا، 1971.
وەکو ئێمە ئاگادارین ئەم بەرهەمە چاپ نەکراوانەشی هەبوە:

1- تیئۆری ئەدەبی، لە بولگارییەوە وەریگێڕاوە بۆ کوردی، 500 لاپەڕەی دەستنووس بووە.
2- زاراوەکانی سیاسی - کۆمەلایەتی، وەرگێراوە بۆ کوردی. (36(
3- کورتە چیرۆکەکانی ئەنگێل کاراڵچیف، لە بولگارییەوە کردویەتەی بە کوردی. (37(
وەک هەندێک لە هاوڕێ نزیکەکانی ئاماژەیان بۆ کردووە، یەسەنی قزڵجی بەرهەمی چاپ نەکراوی دیکەشی هەبوە و ساڵی 1979 کە گەڕاوەتەوە بۆ ئێران هەموویانی لە کتێبخانەکەی لە بولگاریا بەجێ هێشتووە. ئیدی پاش مردنی کتێبخانەکەی و بەرهەمەکانی کەوتوونەتە لای حیزبی تودەی ئێران و تا ئێستا بێ سەر و شوێن ماونەتەوە. خۆ ئەگەر بێت و ڕۆژێک دەستنووسەکانی بدۆزرێنەوە و چاپ بکرێن ئەوە باشترین ڕێز و وەفا دەبێت بۆ ئەو مرۆڤە نەمرەمان.
پەراوێز و ڕوونکردنەوەکان:

---

(1)حەسەنی قزڵجی ، پێکەنینی گەدا، لە بڵاوکراوەکانی بنکەی پێشەوا، 1972، ل8 -9 .
(2)سەبارەت بە بنەماڵەی قزڵجی بڕوانە: مەلاعەبدولا ئەحمەدیان، عەللامە قزڵجی و زانکۆی تورجان، گۆڤاری سروە، ژمارە 119، جۆزەردان1357، ل 25 -30.
(3)مێژووی لەدایکبوونی حەسەنی قزڵجی بەچەند جۆرێک نووسراوە:«1913» عوسمان مەحمود ئەحمەدی، لە یادی نەمراندا- حەسەنی قزڵجی، گۆڤاری کاروان، ژمارە39، کانوونی یەکەمی 1985، ل17) ؛ «15ی ئەیلولی1914». (جۆیس بلاو، مرنا حەسەنی قزڵجی، گۆڤاری هیوا- هیڤی، ژمارە4 ، ئەیلوولی1985، ل7) ؛«1292ی هەتاوی».(حەسەنی ماوەرانی، بەیادی نووسەر و ئەدیب و تێکۆشەری شەهید مامۆستا حەسەنی قزڵجی، گۆڤاری هاوار، ژمارە9، بەفرانباری 2000، ل34.(
(4)مەلا ئەحمەدی فەوزی کەسێکی ڕووناکبیر و تێکۆشەر بووە. ساڵی 1875 لە گوندی عەبابەیلێی نزیک هەڵەبجە لەدایک بووە. لە سەردەمی حکومەتی شێخ مەحمود دا لە دایک بووە . لە منوەرەکانی ئەو دەمی سلێمانی، پاش لەناوچوونی حکومەتەکەی شێخ مەحمود، وەک زۆر تێکۆشەری دیکەی ئەودەمە، سلێمانی بەجێ دەهێڵێت و لە ناوچەی موکریان ، لە گوندی حاجیکەند دەگیرسێتەوە. لەوێ بە پەروەردە و فێرکردنی منداڵان و مێرمنداڵانی ئەو دەڤەرە خەریک دەبێت هێمن و حەسەنی قزڵجی و گەلێک ڕووناکبیر و تێکۆشەری دیکەی نەتەوەکەمان شاگردی ئەو بوون.
هێمن لە بیرەوەرییەکانیدا نوسیویەتی:« فەوزی بەبڕوای من یەکێکە لە گەورەپیاوانی مێژووی کوردستان ، کە داخەکەم شوێنەوارەکانی فەوتاون و خۆشی لەبیر چۆتەوە. ئەو لاوە کوردانەی لەسەردەمی پاشایەتی ڕەزاخانی پەهلەوی دا... ئازایانە کوردایەتییان دەکرد، یا ڕاستەوخۆ شاگردی فەوزی بوون یا شاگردی شاگردەکانی ئەو .بەتایبەتی پێشەوا قازی موحەمەدی شەهید شانازی بەوەوە دەکرد کە شاگردی فەوزی بووە. مەلا ئەحمەدی فەوزی یا مەلای سولێمانی کێ بوو؟چکارە بوو؟ بۆ پەڕیوەی مەڵبەندی ئێمە ببوو ؟ نازانم... دەیان گوت خەڵکی شاری سولێمانی یە و لە کوردستانی عێراقەوە لەگەڵ شێخەلیسلامی گەورەدا ...هاتۆتە موکریان . پاش مردنی شێخەلیسلام ژنەکەی ئەوی مارە کردبۆوە و کچێکی لێ هەبوو... بۆ خۆی لە ساڵی 1943-1322دا لە گوندی حاجیکەند مرد و لە خانەقای شێخی بورهان نێژراوە. کتێب و نووسینەکانی وەگیر زاواکەی کەوتن کە هیوادارم نەفەوتابن... فەوزی زانایەکی گەورە، ئەدیبێکی کەم وێنە، کوردێکی پاک و بێ باک بوو...» (هێمن ، تاریک و ڕوون، لە بڵاوکراوەکانی بنکەی پێشەوا، 1974، ل11-12 .(هەژار لە بیرەوەرییەکانیدا بە کورتی باسیکردووە و نوسیویەتی:«مامۆستا فەوزی زۆر عالم ، زۆر کورد، شاعیر، ئیتر وەک ئاردی بەهارو بۆ هەموو شت دەبوو .نسحەت و ڕێنیشاندانی ئەو ، بیری کوردایەتی خستە مێشکی زۆر لە لاوانی ئاشنای .دنەدانی ئەو هێمنی کردە شاعیر». (هەژار، چێشتی مجێور، ل 39.(
سەید محمد سەمەدی دوو پارچە شیعری مەلا ئەحمەدی فەوزیی لە زمانی مەلا قادری مدەرسییەوە نوسیوە. (سێد محمدصمدی، نگاهی بە تاریخ مهاباد، مهاباد- انتشارات رهرو، 1373، ص 304).
سەعید ناکام ؟
(5)مەلا ئەحمەدی تورجانی زادە، کوڕی مەلا محەمەد حسێن کوڕی مەلا عەلی قزڵجییە، ساڵی 1903 لە سابڵاخ (مەهاباد (لە دایکبووە. سەردەمێک مەلا بوە و پاشان بوەتە فەرمانبەر و دواتر بوەتە مامۆستا و لە ساڵانی دوایی تەمەنیدا بە هۆی شارەزایی لە زمان و ئەدەبی عەرەبیدا بوەتە مامۆستا لە زانکۆی

تەورێز لە کۆلێژی زانستە مرۆییەکان. ڕۆژی چوارشەمە 24-9-1980 لە شاری تەورێز کۆچی دوایی کردووە و لە گۆڕستانی وادی ڕەحمەت نێژراوە. خاوەنی گەلێک کتێب و نووسراوی جۆراوجۆرە .
شایانی باسە ساڵی 1921 مەلا ئەحمەدی تورجانی زادە هاوکاریی مەلا محەمەدی قزڵجی برای کردوە لە دەرکردنی ڕۆژنامەی «کورد»دا، کە وەک ئۆرگانی بزووتنەوەکەی سمایل خانی شکاک لە ورمێ دەریان کردووە، لەسەر ئەوە خۆی و براکەی لە لایەن فەرماندەیەکی خوێنرێژی حکومەتی ڕەزاشا بە ناوی عەبدوڵلا تەهماسبی، دەستگیر دەکرێن و نیازیان دەبێت بیان کوژن، بەڵام بە هەوڵی سەردارێکی کورد، لە مردن ڕزگاریان دەبێت. (دەربارەی بڕوانە:
1- بابا مردوخ، تاریخ مشاهیر کرد، جلد دوم، تهاران، 1366، ص442-446 2 . - سیدمحمد صمدی، نگاهی به تاریخ مهاباد، مهاباد - انتشارات رهرو، 1372، ص246 .
3- محەمەد سالح ئیبراهیمی(شەپۆل)، ژیناوەری زانایانی کورد لە جیهانی ئیسلامەتی یا گەنجینەی فەرهەنگ و زانست، تهران، 1364 کۆچی، ل249 -256 .
(6)فەرمانداری ئەودەمەی شاری مەهاباد ناوی «سریع القلم)بوە.
(7)لەو بارەیەوە بڕوانە : پێشەکی هێمن بۆ کۆمەڵە چیرۆکی «پێکەنینی گەدا»، ل7 .هەروەها : کەریمی حیسامی، کاروانێک لە شەهیدانی کوردستانی ئێران، 1971، لە بڵاوکراوەکانی بنکەی پێشەوا، ل 6.
(8)دەربارەی چالاکی سیاسی حەسەنی قزلجی لە هەلومەرجی پێش دامەزراندنی کۆماری کوردستان دا، بڕوانە ):ئەحمەدی شەریفی، سوارە لەبەر تیشکی نووسراوەکانیدا، گۆڤاری مامۆستای کورد، ژمارە4-5، تەموزی 1987، ل146). هەروەها بڕوانە: (حەسەنی ماوەرانی، بەیادی نووسەر و ئەدیب و تێکۆشەری شەهید مامۆستا حەسەنی قزڵجی، گۆڤاری هاوار، ژمارە9، بەفرانباری2000، ل34).گۆڤاری هاوار، ژمارە9، بەفرانباری 2000، ل .(34
(9)سەبارەت بە کۆمەڵەی ژ.ک. لێکۆڵینەوەیەکم نوسیوە، کاتی خۆی لە ڕۆژنامەی «کوردستانی نوێ، ژمارەی 1401، دووشەممە 7-4-1997»دا کورتەیەکیم بڵاو کردەوە. پاشتر لە گۆڤاری گزینگ - سوید، ژمارە31، بەهاری2001، 36-39»دا بە زانیاریی زیاترەوە بڵاوکردەوە، ئێستا ئەو لێکۆڵینەوەیە لەگەڵ لێکۆڵینەوەیەکی دیکەمدا کە دەربارەی «حیزبی ئازادیخوازی کوردستان»ە و هەردوکیان تەواوکەری یەکترین ئامادەن بۆ چاپ لە دوو توێی کتێبێکدا.
(10)سەبارەت بە ئەندامێتی و چالاکی حەسەنی قزڵجی لە نێو کۆمەڵوی ژ.ک. دا شەوی هەینی 20-8-2004 بە تەلەفۆن لەگەڵ بەڕێز عەبدولقادر دەباغی«مامەقالە» دا قسەم کرد و گوتی :«حەسەنی قزڵجی ئەندامێکی کارا و لێهاتووی کۆمەڵەی ژ.ک. بوو، ناوی نهێنی ژیر بوو، بەڵام ژمارەی ئەندامێتیم لەبیر نەماوە...- پێشتریش لە 6- 4-2004 دا بە تەلەفۆن لەگەڵ مامۆستا سەلاحەدینی موهتەدی کرد. ئەویش گوتی«ئەندامی کۆمەڵە بووە و لە بۆکان چالاکانە لە نێو ڕیزەکانی کۆمەڵەدا تێکۆشاوە.«
(11)سەیدمحەمەدی حەمیدی نووسەر و ڕوناکبیرێکی سەردەمی کۆماری کوردستان، سەرنوسەری ڕۆژنامەی «کوردستان»ی ئۆرگانی «حیزبی دیموکراتی کوردستان»، هەروەها سەرنوسەری گۆڤاری «کوردستان»یش بوە. سەید محەمەد حەمیدی کوڕی عەبدوڵلا کوری سەید فەیزوڵلا کوڕی سەید شوکوروڵلای پارسانیایە، لە 1903دا لە گوندی شالوجەی سەقز لە دایک بووە. لە ڕۆژی 27-4-1979 دا لە شاری سنە کۆچی دوایی کردوە و لە گۆڕستانی شێخ محەمەد باقری غیاسی نێژراوە. سەید محەمەد حەمیدی یەکێکە لە هەزاران ڕوناکبیر و تێکۆشەری گومناوی نەتەوەکەمان! (دەربارەی بڕوانە : ئەحمەدی شەریفی، سەید مەحەمەدی حەمیدی سەرنوسەری ڕۆژنامە و گۆڤاری کوردستان، گۆڤاری هاوار، ژمارە 15، ڕێبەندانی 2004، ل17 هەتاکو ل21). هەژار ، چێشتی مجێور، ل
(12)هەڵاڵە : گۆڤارێکی ئەدەبی و ڕۆشنبیریی بوە، لە شاری بۆکان دەرکراوە. حەسەنی قزڵجی سەرنوسەر و بەڕێوەبەری بووە. یەکەم ژمارەی لە 21ی مارتی 1946دا دەرچووە. سێ ژمارەی لێ دەرکراوە.
(13)هەژار لە چێشتی مجێور ،)ل87)دا نوسیویەتی : چوار ژمارەی لێ دەرچووە.
(14)شێخ لەتیف کوری شێخ مەحمودی حەفیدە. ساڵی 1917 لە دایک بوە. لە مێردمنداڵییەوە تێکەڵی کۆڕ و کۆمەڵی سیاسی بووە. لە 1937دا لەگەڵ چەند کەسی ڕوناکبیر و تێکۆشەردا ڕێکخروێکی سیاسییان بەناوی «کۆمەڵەی برایەتی»یەوە دامەزراندوە و لە پێناوی بوژاندنەوەی هەستی نەتەوەییدا

تێکۆشاون و لاوانی کوردییان بە بیر و باوەڕی کوردایەتی گۆشکردووە. پاشتریش لە چەند کۆمەڵە و پارتێکی سیاسیدا ڕۆڵی بەرچاوی نواندووە. سەردەمێک ژیانی بە دورخراوەیی بردۆتە سەر و چەند ساڵیش خراوەتە زیندانەوە. ڕۆژی 12-5-1972 لە بەغدا کۆچی دوایی کردووە .ڕۆژی دواتر لە مەراسمێکی پڕشکۆدا تەرمەکەی بەرەو سلێمانی براوەتەوە و لە تەنیشت شێخ مەحمودی باوکی نێژراوە. شێخ لەتیف شیعر و وتار و بابەتی مێژوویی بەنرخی نوسیوە.

(15)چێشتی مجێور، ل103.

(16)غەنی بلوریان لە بیرەوەرییەکانیدا کە بەناوی «ئاڵەکۆک»ەوە بڵاوی کردۆتەوە تا ڕادەیەک باسی ئەو دەمانەی کردووە. هەروەها محەمەدی شاپەسەندی لەچەند وتاری خۆیدا گەلێک سەرنج و ڕوونکردنەوەی گرنگی لەوبارەیەوە تۆمار کردووە. (بۆ نمونە بڕوانە: محەمەدی شاپەسەندی، لە پەراوێزی ژیان وبەسەرهاتی زەبیحی ـ نهێنییەکانی چاپی ژمارە«10»ی نیشتمان، گۆڤاری ڕۆژنامەنووسان، ژمارە1، بەهاری2002، ل121-125.(

(17)ڕێگا :بڵاوکراوەیەکی کوردی فارسی بووە، لە مانگی خەزەڵوەری1327(کۆتایی ئۆکتۆبەر و سەرتای نۆڤێمبەری1948)دا لەلایەن حەسەنی قزڵجی و غەنی بلوریانەوە لە گوندی سیتەک ـ نزیک سلێمانی تەنها یەک ژمارەی لێ دەرکراوە. ئەگەرچی لەژێر ناوی بڵاوکراوەکەدا نووسروە:«ئۆرگانی کۆمەڵەی ژیانی کورد»، بەڵام هیچ پەیوەندییەکی بە »کۆمەڵەی ژ.ک.»ەوە نییەر ؛ هەندێک ئەمەیان لێ تێکەڵ بووە و بەستوویانەتەوە بە کۆمەڵەی ژ.ک.ەوە!! لە ڕۆژنامەی«کوردستانی نوێ، ژمارەی 1582، پێنج شەممە 26-3-1998»دا تا ڕادەیەک لەم باسەم کۆڵیوەتەوە.

(18)غەنی بلوریان، ئاڵەکۆک ـ بەسەرهاتەکانی سیاسی ژیانم ـ ستوکهۆڵم ـ 1997، ل93-98 و چەند لاپەڕەی دواتریش.

(19)ژمارە 10ی نیشتمان : لە لایەن عەبدولڕەحمان زەبیحی و محەمەدی شاپەسەندی...یەوە لە گوندی سیتەک ـ نزیک سلێمانی دەرکراوە. لەژێر ناوی گۆڤارەکەدا نوسیویانە :»ئۆرگانی نەهزەتی مقاوەمەتی کۆمەڵەی ژ.ک«.، تا ئێستا بە تەواوەتی بۆم ڕوون نەبۆتەوە کە چ مانگێک دەرکراوە، بەڵام ئەوەی کە لێی دڵنیام ئەوەیە کە لە نێوان مانگی یولی ـ نۆڤێمبەری 1948دا دەرکراوە. هەندێک کەس وا ڕادەگەیەنن کە ئەم ژمارە 10یەی نیشتمان دەرنەکراوە و هەر تەنها گوتەیە! محەمەدی شاپەسەندی لە چەند نووسینی خۆیدا تەئکیدی لەسەر دەرکردنی کردووە و زانیاریی بەنرخیشی دەربارەی ئەو سەردەمە کە ئەو گۆڤارەی تیادا دەرکراوە نوسیوە .بە باوەڕی خۆم ئەم ژمارە (10)یەی گۆڤاری نیشتمان هیچ پەیوەندییەکی بابەتییانەی بە گۆڤاری «نیشتمان»ی کۆمەڵەی ژ.ک.ەوە نییە! بەم ژمارەیەی نیشتمان نەتوانراوە کۆمەڵەی ژ.ک. زیندوو بکەنەوە، نەتوانراویشە درێژە بە دەرکردنەوەی نیشتمان بدەنەوە! بە باوەڕی من کۆمەڵەی ژ.ک. لە دوای دامەزراندنی«حیزبی دیموکراتی کوردستان» کۆتایی هات) !ئەم باسە شایانی لێکۆڵینەوەیە و دەکرێت لە داهاتوودا بە بەڵگە و زانیاریی وردترەوە لێی بکۆڵینەوە.(

(20)لە هەفتەنامەی »هاوپەیمانی «ژمارە 15، شەممە 27-6-1998 دا دەربارەی هەندێک لە باسەکانی »ئاڵەکۆک»م نوسیوە.

(21)چێشتی مجێور، ل 113.

(22)چێشتی مجێور، ل180.

(23)سەعیدی حافیدی کوڕی مەلا ڕەحیم کوڕی مەلا محەمەدحەسەن کوڕی مەلا عەلی قزڵجییە، لە شاری بۆکان لەدایک بووە. هەر زوو خراوەتە بەر خوێندن و بۆ خوێندن زۆر شوێنی کوردستان گەڕاوە. ساڵی 1932 چوەتە سلێمانی و ماوەی دوو ساڵ لەوێ خوێندویەتی .پاشان چۆتە مەهاباد و لەگەڵ حەسەنی قزڵجیدا لەلای مەلا ئەحمەدی تورجانی زادە خوێندوویانە. ساڵی 1938 بوەتە فەرمانبەر و دواتر چۆتە شەری کرماشان و لە دادگادا کاری کردوە. ساڵی 1964 لە کرماشان کۆچی دوایی کردوە. جگە لە زمانی دایکیی زمانی فارسی، تورکی، عەرەبی و ئینگلیزیی زانیوە .گەلێک شیعر و بەرهەمی بلاونەکراوەی لەپاش بەجێ ماوە. (دەربارەی بڕوانە : بابا مەردوخ رواحانی، تاریخ مشاهیر کرد، ص365-366.(

(24)شێخ موعتەسەمی حسامی(1903-1992 (کەسایەتییەکی ناسرواى کوردستان و کوڕی شێخ حسامەدینی نەقشبەندیی بوو، لە شاری سنە لە دایک بووە. پاشان ماڵیان بەرەو دیوی باشووری

کوردستان گواستوەتەوە و لەوێ دەستی بە خوێندن کردووە. پاشان چوەتەوە سنە و لەوێ نیشتەجێ بووە. وێڕای زمانی دایکیی، زمانی فارسی،عەرەبی و ئینگلیزی زانیوە.
(25)حەسەنی قزڵجی کورتەیەکی ئەم بەسەرهاتەی خۆی لە دوو توێی چیرۆکی «هێلکەی هادی خانی» دا باس کردووە. بە مەبەستی ساغ کردنەوەی مێژووی ئەو بەسەرهاتە و چۆنیێتیی گیرانەکەیان ئەم سەرەنجانەم لەو چیرۆکە بە دەست هێناوە:
1- بەوەدا کە نووسیویەتی:« هاوڕێکەی من گوتی :کوڕم ئەم قسانە پار ئەکران(واتە کە زەمانی موسەدیق بوو(...، کەواتە ئەو ڕووداوەی کە حەسەنی قزڵجی گیراویەتییەوە، ساڵی 1954 ڕوویداوە.
2- بەوەشدا کە نووسیویەتی:« لە چایخانەکەی (ملەمرواری)هەرچەند ڕەمەزانیش بوو، دابەزین...) کەواتە کاتی بەسەرهاتەکە ڕەمەزانی ساڵی 1954بووە. وەکوو لێکم داوەتەوە 1ی ڕەمەزانی 1373دەکاتە(4-5-1954)و 30ی ڕەمەزانی 1373 دەکاتە(2-6-1954). دەتوانین وا دابنێین ئەو ڕووداوە کە حەسەنی قزڵجی لە چیرۆکەکە دا گێڕاویەتەوە دەور و بەری ڕۆژی شەممە 15-5-1954 بووە.
3- بەوەدا کە نووسیویەتی:« ئەم دیمەنە بۆ من، بەتایبەتی دوای ماوەیەک زیندان، ئەوەندە جوان و خەم ڕەوێن بوو(...، کەواتە ماوەیەک لە زینداندا بووە و دواتر بەهەر شێوازێک بووە ئازاد بووە و ئێستا وا بەڕێوەیە بەرەو دێهاتە سنوورییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بۆ ئەوەی خۆ بگەیەنێتەوە باشووری کوردستان.
(26)خۆی لەو بارەیەوە نووسیویەتی:«... ماوەی چەند ساڵێکیش لە تاوی پۆلیسی ئەوسا لە بازیان خەریکی تووتن کردن بووم و لەناو وەرزێرەکاندا دەژیام. دەمدی کە وەرزێرەکان گەلێ نەقڵ و حیکایەتیان دەزانی و زۆر بە تام و لەزەت بۆ یەکتریان دەگێڕایەوە». (گۆڤاری «نووسەری کورد»، حەسەنی قزڵجی و بیرەوەری و هەڵوێستێک بەرامبەر چیرۆکی کوردی، ژمارە 10، ئەیلوولی 1973، ل7.(
(27)چێشتی مجێور، ل283.
(28)بۆ نموونە لە سەر بەرگی دواوەی نامیلکەی »ئاشتیخوازی لادێیی و پەیمانی دوو لایی» نووسراوە :«قامووسی سیاسی قامووسی سیاسی کتێبێکی زۆر بەنرخ و نایابە. لە ژێر چاوەدێری(ما - پروفسور)ی سووەتی »ب.ن .پانوماریفا»دا بە زمانی رووسی دانراوە. هەموو باسێکی اقتصادی، فەلسەفی و سیاسی، گرینگی تێدایە. لە لایەن ح.قزڵجی و ر.ذەبیحی، کراوە بە عەرەبی، بەشی یەکەمی لە بابەت(مسائل المادیه الدیالیکتیکیه)وە، بەم زوانە دەرئەچو پێشکەش خویندەوارانی بەرێز ئەکریت.«
(29)ڕادیۆی پەیکی ئێران :دەنگی حیزبی تودەی ئێران بوو. لە نێوان سالانی 1961-1970دا لە بوڵگاریاوە پەخش دەکرا. سەرەتا تەنها بە فارسی بوو، پاشان بە عەرەبی و کوردیش وتار و هەواڵی بڵاو دەکردەوە. (دەربارەی بڕوانە: کژراهە، احسان طبری .تهران،1378، ص213-217.(
(30)کەریمی حسامی لەو بارەیەوە نووسیویەتی:« کاک حەسەنی قزڵجی هەرچەند لە دەربەدەریدا لە رادیۆ پەیکی ئێران کاری دەکرد، هەر خۆی بە ئەندامی حیزبی دیموکرات دەزانی و لە هەموو کۆبوونەوەیەکدا کە پێوەندی بە حیزبی دیموکراتەوە بووبێ بەشداری کردووە. کاک حەسەن تەنیا پاش شۆڕشی ئێران کە حیزبی دیموکرات ئامێزی بۆ نەکردەوە، حیزبی تودە هێنایەوە ئێران و کردیە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی و لە تاران هێشتیەوە تا گیرا و شەهید کرا»، (کەریمی حسامی، پێداچوونەوە، بەرگی دووەم، ستۆکهۆڵم، 1997. ل244-245.(
(31)هەروەک مامۆستا محەنەدی مەلاکەریم چەند جار بە دەمی بۆی باس کردم، حەسەنی قزڵجی بەردەوام لە بوڵگاریاوە نووسین و بەرهەمی وەرگێرراوی بۆ ئەو و چەند دۆستێکی دیکە دەنارد و ئەوانیش لە گۆڤار و ڕۆژنامە کوردییەکاندا بڵاویان دەکردەوە.
(32)نورالدین کیانوری لە بیرەوەرییەکانیدا نووسیویەتی:« قزلجی تا سال1358 در بلغارستان بود. در این سال او داوطلبانه به ایران آمد و در شعبه روابط بین المللی حزب به فعالیت پرداخت .قزلجی در پلنوم حفدهم به عضویت کمیته مرکزی حزب برگزیدەشد»، (خاطرات نورالدین کیانوری، انتشارات اطلاعات، تهران، 1372، ص532-533.(
شەوی هەینی 20-8-2004 بەڕێز عەبدولقادر دەباغی«مامەقالەی دەباغی» باسی ئەوەی بۆ کردم کە ساڵی1979دوکتور عەبدولرەحمان قاسملو بە مامە قالەی گوتوە هەوڵ بدە بە هەر ڕێگایەک بێت

حەسەنی قزڵجی لە حیزبی تودە دەربخەرەوە، هەروەها گوتوشیەتی کە حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران مانگانە ئەوەندە یارمەتیی دەدات کە بە باشی پێی بژی و با لە بۆکان بەکاری نوسینەوە خەریک ببێت و ئێمەش هاوکاریی دەکەین. مامەقالە گوتی:«هەوڵێکی زۆرم لەگەڵ دا، تەنانەت خۆیشی (واتە حەسەنی قزڵجی)لە حیزبی تودە نیگەران بوو، بەڵام لەبەر هەر هۆیەک بوو ڕیزی حیزبی تودەی بەر نەدا.«

(33)مەردوم: ئۆرگانی ناوەندیی حیزبی تودەی ئێران بوو، بە کوردی لە تاران دەدەکرا. ئەو وتار و بابەتە سیاسییانەی کە لە ڕۆژنامەی »نامەمردم»ی ئۆرگانی حیزبی تودەی ئێران (بە فارسی) بڵاو دەکرانەوە، دەکرانە کوردی و لەوێدا بلاو دەکرانەوە. هەروەها وردە هەواڵ و هەندێک بابەتی ئەدەبییشی تیادا بڵاو دەکرایەوە. یەکەم ژمارەی ڕۆژی سێ شەممە 22-10-1979 دەر کراوە. سەرجەم(61) ژمارەی لێ دەرچووە .حەسەنی قزڵجی و حەسەنی ماوەرانی و چەند شەعیر و نووسەرێکی دیکە تیایاندا نووسیوە. حەسەنی قزڵجی بەشی زۆری کارەکانی ئەنجام داوە.

(34)مێژووی کۆچی دوایی ئەو بە چەند جۆرێک نووسراوە ؛ هەژار نوسیویەتی «لە 27ی سپتامبری1984 دا بیستمان کە لە زیندانی (ئەوین) دا وەفاتی کردووە»، (چێشتی مجێور،ل576 .(

حەسەنی ماوەرانی نوسیویەتی:«لە 16ی مانگی ڕێبەندانی 1361دا، وێڕای زۆربەی بەڕێوەبەرانی حیزب گیرا و پاش چەند مانگان، واتا لە پاییزی 1362دا خەبەری مردنیان دا بە کەس و کاری.

(حەسەن ماوەرانی، هاوار،ل34) کاک حەسەن لە نامەیەکدا بۆی نووسیوم : «مامۆستا قزڵجی لە هێرشی 16-11-1361ی(5-2-1982)پاسداران بۆ سەر حیزبی تودە...گیرا و لە کۆتایی مانگی 8ی1362دا ئێمە لە چیا بە شەهید بوونیمان زانی، واتە ماوەی 10مانگ پاش گیرانی زیندوو ماوەتەوە.(

(35)گۆڤاری »نووسەری کورد» حەسەنی قزڵجی و بیرەوەری و هەڵوێستێک بەرامبەر چیرۆکی کوردی، ژمارە 10،ئەیلوولی 1973،ل7.

(36)ڕڕەنگە ئەم بەرهەمەی ئەوە بێت کە لە پەراوێزی ژمارە (28)دا ئاماژەم بۆ کرد. (ساڵی 2002 مامۆستا جەلال دەباغ بەرهەمێکی حەسەنی قزڵجی بەناوی «هەندێ زانیاری مارکسی لینینی» لە سلێمانی بە چاپ گەیاند، هەروەک لە پێشەکییەکەیدا ڕوونی کردۆتەوە کاتی خۆی حەسەنی قزڵجی بە خەتی خۆی نووسیویەتەوە و لە کۆتایی شەستەکاندا دەسنووسەکەی بۆ ئەو ناردووە و ئەویش پاراستوویەتی و دواتر بە چاپی گەیاندووە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی گاگەش